**هاوپەیمانیی تۆڕ و ڕێکخراوە نیشتمانییەکان بۆ چاودێریکردنی هەڵبژاردنەکانی عێراق**

**ناوەندی ڕاگەیاندن**

# ڕاپۆرتی چاودێریکردنی ڕۆژی دەنگدانی گشتی
# لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا

2025/11/11

**5089 چاودێر لە هەژدە پارێزگای عێراقدا چاودێری ڕۆژی دەنگدانی گشتییان کرد و لەو میانەیەدا (18,168) فۆرمی چاودێریی وەرگیراوەتەوە**

**بەلای هاوپەیمانیی تۆڕ و ڕێکخراوە نیشتمانییەکانی چاودێرییەوە ئاستی بەشداریی دەنگدەران بەراورد بە ژمارەی گشتی دەنگدەران (41%)ە، بەڵام ڕێژەکە بەپێی ئەوانەی هەڵگری کارتی بایۆمەترین دەگاتە (56%).**

.........................................................

ئەم ڕاپۆرتە لە چوارچێوەی هەوڵە نیشتمانییەکاندایە بۆ پێشخستنی بێگەردیی و شەفافیەتی پرۆسەی دیموکراسی لە عێراق، زادە و بەرهەمی پرۆسەیەکی هەمەلایەنەی چاودێری و بەدواداچوونی مەیدانییە، کە لەلایەن هاوپەیمانیی تۆڕ و ڕێکخراوە نیشتمانییەکان بۆ چاودێریکردنی هەڵبژاردنەکان ئەنجامدراوە.
هاوپەیمانییەکە نوێنەرایەتی چوارچێوەیەکی نیشتمانی گشتگیر دەکات، کە ڕێکخراو و تۆڕە ناوخۆییەکانی سەرانسەری پارێزگا جیاوازەکانی عێراق لەخۆدەگرێت. ئامانجی سەرەکی لە پێکهێنانی ئەم هاوپەیمانێتییە ئەوەیە خەڵک متمانەی بە پرۆسەی هەڵبژاردن هەبێت، ئەویش لە ڕێگەی چاودێریکردنێکی سەربەخۆ و بێلایەنانەوە، لەسەر بنەمای میتۆدێکی زانستی و بە دیدێکی نیشتمانییەوە.
هاوپەیمانیی لە ڕۆژی دەنگدانی گشتیدا، کە ڕۆژی 2025/11/11 بەڕێوەچوو، شەش ڕاپۆرتی لەسەر ئەم قۆناغانەی پرۆسەی دەنگدانەکە بڵاوکردەوە: ڕاپۆرتی کردنەوە، ڕاپۆرتی بەڕێوەچوونی پرۆسەکە، ڕاپۆرتی داخستن، لەگەڵ سێ ڕاپۆرت لەسەر ئەو ڕووداوانەی خراونەتە ژێر  چاودێرییەوە.

**پوختەی جێبەجێکار**

پاڵپشت بەو داتایانەی کە چاودێرانی مەیدانی لە ویستگەکانی دەنگدانەوە ناردوویانەتەوە، ڕاپۆرتەکە ئەم وێنەیەی خوارەوەی ڕۆژی هەڵبژاردن پیشان دەدات:

## لە دیارترین ئالەنگارییەکان:

- 501 حاڵەتی سەرپێچی بەهۆی ئەنجامدانی پروپاگەندەی قەدەغەکراوی هەڵبژاردنەوە.
- 415 حاڵەتی سەرپێچی بەهۆی رووننەکردنەوەی ریکارەکانی کردنەوەی وێستگەکان.
- 382 حاڵەتی سەرپێچی بەهۆی رێگەدان بە بردنەژوورەوەی مۆبایلەوە.
- 359 حاڵەتی سەرپێچی کە رێگەیان بە چاودێران نەداوە ئاگاداری جیاکردنەوەی دەنگەکان بن.
- 337 حاڵەتی سەرپێچی بەهۆی دورخستنەوەی چاودێران لە کاتی ژماردنی دەنگەکانی وێستگەدا.

## لە دیارترین خاڵە باش و ئەرێنییەکان:

- لایەنی ئەمنی باش بوو سەرباری 41 حاڵەتی ئەمنی.
- کەمبوونەوەی حاڵەتەتەکانی راگرتنی دەنگدەان بە شیوەی فەرمی (49 جار)
- جیاوازیی نیوان ئەنجامە ئەلەکترۆنی و دەستی کەمبۆتەوە (48 جار)

## شیکاریی ورد بەپێی قۆناغ

1. قۆناغی کردنەوە

- لە 415 وێستگەدا رێکارەکانی کردنەوە روون نەکراوەتەوە.
- 228 وێستگە لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا نەکراوەتەوە و دواکەوتووە (7:00ی بەیانی)
- رێکە لە ئامادەبوونی 185 چاودێر و 179 بریکار گیراوە.
- ئامادەنەبوونی 141 کارمەندی وێستگەکان.

2. قۆناغی دەنگدان

- 501 بانگەشەی قەدەغەکراوی هەڵبژاردن هەبووە.
- 382 حاڵەتی رێگەدان بە بردنەژوورەوەی مۆبایل و وێنەگرتن هەبووە.
- 285 دەنگدەر بەهۆکاری تەکنیکییەوە لە دەنگدان بێبەش بوون.
- 218 وێستگە دووچاری لەکارکەوتن هاتوون.
- 185 حاڵەتی دەنگدانی بە کۆمەڵ روویداوە.
- 107 دەنگدەر بەبێ بوونی ناسنامە دەنگیان داوە.

3. قۆناغی داخستن و جیاکردنەوە

- نەهێڵراوە 359 چاودێر بەدواداچوون بۆ پرۆسەی ژماردن و جیاکردنەوە بکەن.
- 337 چاودێر و بریکار لە کاتی ژماردندا دوورخراونەتەوە.
- 220 ویستگە دواکەوتووە لە راکێشانی شریتی ئەنجامەکان.
- 107 بەڕێوەبەری وێستگە کێشەی ناردنی ئەلەکترۆنی ئەنجامەکانیان هەبووە.

4. ڕووداوەکان و دۆخی ئەمن و ئاسایش

- 327 حاڵەتی بەرگرتن بە جووڵە و هاتوچۆی چاودێرەکان.
- 112 حاڵەتی هەڕەشەکردن و دەمچەورکردن.
- 73 حاڵەتی توندوتیژیی.
- 41 حاڵەتی ئەمنی (توقەکردن / دەستدرێژیکردن)
- 20 حاڵەتی کێشەدار لە کەرەستەکانی دەنگداندا.

## هەڵسەنگاندنی کۆتایی

- ئاستی شەفافیەت:
  - 40 وێستگە - نزم
  - 267 وێستگە - پەسەند
  - 735 وێستگە - بەرز
  - 732 وێستگە – زۆر بەرز

- ئاستی کوالیتی بەڕێوەبردن لە جێبەجێکردندا ( کارمەندانی بنکەکان و ویستگەکانی هەڵبژاردن) :
  - 38 وێستگە - لاواز
  - 245 وێستگە - پەسەند
  - 751 وێستگە - زۆرباش
  - 739 وێستگە - نایاب

- کاریگەریی سەرپێچییەکان:
  - 999 وێستگە – کاریگەریی نییە
  - 396 وێستگە - کاریگەریی سنوردارە
  - 222 وێستگە - کاریگەریی زۆرە

## چەند راسپاردەیەکی بە پەلە

1. بەهێزکردنی شەفافیەت:

- پابەندکردنی سەرجەم وێستگەکان بە ڕوونکردنەوەی ڕێکارەکانی کردنەوە (لە بەرامبەر 415 حاڵەتدا)

- دەستەبەرکردنی ئازادیی جووڵەکردنی چاودێران (لە بەرامبەر 327 حاڵەتدا).

2. پاک و بێگەردیی زیاتر:
- ڕێگەگرتن لە بانگەشەی قەدەغەکراوی هەڵبژاردندا (لە بەرامبەر 501 حاڵەتدا)
- ڕێگەگرتن لە بردنەژوورەوەی مۆبایل (لە بەرامبەر 382 حاڵەتدا)
3. چارەسەرکردنی گیروگرفتی تەکنیکی:
- پێشخستنی ئامێرەکانی پشتڕاستکردنەوەی ناسنامە (لە بەرامبەر 285 حاڵەتی بێبەشبووندا)
- چاکترکردنی کارایی سیستمی تەکنیکی (لە بەرامبەر 218 پەککەوتندا)

4. دەستەبەرکردنی بێگەردیی جیاکردنەوە:
- بەدواداچوونی پرۆسەی جیاکردنەوە بۆ چاودێران مسۆگەر بکێت (لە بەرامبەر 359 حاڵەتی ڕێگەگرتن)
- دوورخستنەوەی چاودێران لە کاتی ژماردندا قەدەغەبکرێت (لە بەرامبەر 337 حاڵەتدا)

## کۆتایی

هەڵبژاردنی دادپەروەرانە و شەفاف گەرەنتی بنەڕەتییە بۆ سەقامگیری و پێشکەوتنی عێراق، تاکە میکانیزمی دەستورییە بۆ دەربڕینی ئیرادەی گەل و گواستنەوەی ئاشتیانەی دەسەڵات. ئەو ژمارە و داتایانەی لەم ڕاپۆرتەدا خراونەتەڕوو، ئەوە پشتڕاست دەکەنەوە کە ڕێگای گەیشتن بە هەڵبژاردنی ئایدیاڵ هێشتا پێویستی بە هەوڵ و هاوکاری زیاتری نێوان هەموو لایەنەکان هەیە.

لەم چوارچێوەیەدا، هاوپەیمانیی تۆڕ و ڕێکخراوە نیشتیمانییەکان بۆ چاودێریکردنی هەڵبژاردنەکانی عێراق، بەردەوامە لەسەر پەیامی نیشتمانیانەی خۆی، کە ئەویش بەشداریکردنە لە بنیاتنانی سیستمێکی دیموکراسی تەندروست، کە هەڵبژاردنەکان تێیدا دادپەروەرانە و شەفاف بن و ڕەنگدانەوەی ئیرادەی ڕاستەقینەی گەلی عێراق بن.

**هاوپەیمانیی تۆڕ و ڕێکخراوە نیشتیمانییەکان**
**بۆ چاودێریکردنی هەڵبژاردنەکانی عێراق**

ڕوومالّی میدیایی بە هاوکاری لەگەڵ سەکۆی (https://964media.com)دا